حکومەت: ئەنجامەکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی پابەندن بە زیادکردنی هەوڵەکان لە ساڵانی داهاتوودا



ئەمڕۆ یەکشەممە حکومەتی عێراق بەیاننامەیەکی سەبارەت بە ئەنجامی پێوەرەکانی تێڕوانینی گەندەڵی بڵاوکردەوە.

نووسینگەی هاگیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیندراوەکدا کە دەست ئاژانسی موتەبع کەوتووە، هایگیاند: "ئەنجامەکانی پێوەری تێگەیشتن لە گەندەڵی کە لە ١٠ی شوباتی ٢٠٢٦ لەلایەن ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتییەوە بڵاوکراوەتەوە، نیشانی دەدات کە عێراق پێشکەوتنەکی گرنگ و بەرچاو لە ڕێزبەندی وڵاتان بە ساڵی ٢٠٢٥ بەدەستهێناوە. ئەمەش بەرجەستەکردنی پابەندی نێگەڵی حکومەت و بڵشداری هەموو دامەزراوە گشتییەکانە بەرەو چەسپاندنی پرەنسیپەکانی شەفافیەت و دەسپاکی و حوکمانی کەرتی گشتی."

هەروەها ئاماژەی بۆ کردووە: "ئەم باشتربوونە بە ئاماژەیەکی ئەرێنی دادنرێت بە بوونی ئیرادەیەک بە چەسپاندنی پرەنسیپەکانی شەفافیەت و لێپرسینەوە و بەهێزکردنی متمانە بە دامەزراوە گشتییەکان، و جێبەجێکردنی ئەو پڕداویستییانەی کە پێویستن بە کایەی بڕێنگاربوونەوەی گەندەڵی و سنووردارکردنی."

لەڕاگەیندراوەکەدا ئەوەیش هاتووە کە: "ئەم پێشکەوتنە لە ڕێزبەندی نێودەوڵەتیدا، ساڵ لە

دوای ساڵ، لە ئێنجامی ئەو هەوڵە گشتگیرانە دەت کە حکومەت ئەنجامیدا، کە دیارترینیان بڕینگاربوونەوەی پێیەکردنی چەند ئەولەویەتێک لە بەرنامەی حکومەتکەیدا، لەگەڵ پڕۆشی بە دابینکردنی پاپشتی بە دەزگاکانی چاودێری و بڕدوامبوونی چاکسازی لە چەندین لایەنەوە، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی دڵسپاکی لە هەموو دامەزراوە حکومیەکاندا."

حکومەت لە راگەیندراوەکدا دووپاتی کردەوە کە "ئەم ئێنجامانە هاندەرن بە زیادکردنی هەوڵکان بە ساڵانی داهاتوو بە مەبەستی پاراستن و پڕەپەدانیان"، هەروەها دەستخۆشی لە ئەنجامدەرانی گشتیەکان کرد، هەر یەکە و بەپێی پسپۆڕی خۆی، کە بەشداربوون لە بەدیهێنانی ئەم ئێنجامانەدا.